
"Kvinnor räknas som halv

ڕۆژنامەی ستۆکهۆڵم ستی Stockholm City مەهاباد قەرەداغی دەدوێنێ
سازدانی : تیریزا لیندستێد Teresa Lindstedt
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: پەخشان بابان

# "ژن بە نیو مرۆڤ دەژمێردرێ"

**مەهاباد قەرەداغی، 39 ساڵە ، بووەتە ڕاوێژکاری سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ژنان.**

- **ئێستا بارودۆخی ژنان لە کوردستان چۆنە ؟**
- پێش 14 ساڵ ئێمە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنمان دەستی پێکرد و، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ عێراق، کە ژنان دەخوێنن و کار دەکەن، بەلاَم مافەکانیان پێشێل کراوە. لە دادگاکاندا بۆ شایەتیدان قسەکانی دوو ژن قورسایی قسەکانی یەک پیاویان هەیە . واتە ژنان بە نیوو مرۆڤ دەژمێردرێن. لە کوردستان هەندێ لە یاساکان تازەکرانەوە. بۆ نموونە ساڵی 2002 ئەو یاسایەی کە سزای پیاوی سووک دەکرد لە کاتی کوشتن بە پاساوی شەرەف، گۆڕدرا. ئێستا وەک کوشتنەکانی تر سزا دەدرێت.

- **چۆن دەتەوێ بارودۆخەکە باشتر ببێت بۆ ژنان لە کوردستاندا؟**
- من پرسی یەکسانی وەک خاڵی بناغەیی دەبینم لە پرسی دیموکراتیدا. دیموکراتی مانایەک نادات بە بێ بەشداری ژنان لە دامودەزگاکانی بڕیارداندا. من دەخوازم بەردەوام یاساکان بەرەو باشتر بگۆڕدرێن، بە شێوەیەک کە لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ دابڕێژرێن. هەروەها پێویستە سیستەمی پەروەردە بگۆڕین. ئەمڕۆ کتێبەکانی قوتابخانەکان و تەنانەت زانکۆکانیش هەمان مەنهەجی ساڵانی حەفتاکانن، نامۆدێرنن و بۆ پێشڤەچوونی کۆمەڵگە دەست نادەن. هەروەها دەخوازم پلانێک دابنێین کە لە سەرانسەری وڵاتدا نەخوێندەواری بنبڕ بکەین و نۆ ساڵ خوێندنی بەخۆڕایی و ئیجباری بێت. هەروەها پێویستمان بەوەیە ئاستی هۆشیاری گشتی بلند بکەینەوە سەبارەت بە نرخاندنە تەقلیدییەکان، کە هۆکاری هەلاَواردنن.

- **کارەکەت چی دەگەیەنێ؟**
- کارکردن وەک ڕاوێژکاری سەرۆکی وەزیران بۆکاروباری ژنان، خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی پۆزەتیڤە. ئەم پۆستە لەمەوپێش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بوونی نەبووە. سەرۆک وەزیران خۆی گەنجێکی ڕیفۆرمیستە و ئێمە هەر لە ئێستاوە پلانێکمان داڕێژەوە بۆ سیاسەتی یەکسانی کە لە 8 ی مارسی

**ئەمسالْدا بە ڕای گشتیمان ناساند. لە یاسای کاتی عێراقدا ئێستا 25 % بۆ بەشداریکردنی ژنان لە پەرلەمان و حکومەت جێگیر کراوە، ئێمە تێدەکۆشین بۆ ئەوەی ئەم ڕێژەیە یەکسان بکەین.**

- **کەواتە تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟**
- **بەڵێ، لە مانگی یوونی بە یەکجاری و بە خێزانی دەگەڕێینەوە و کارەکەم دەست پێدەکات. سەختیشە، چونکە من سوێدم خۆش دەوێ، بەلام جاروبار بۆ سەردان دێمەوە.**

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕۆڵێکی هەیە؟**
- **چواردە ساڵە دامەزراوە و لەو ماوەیەدا ئێمە خۆشمان یاسای تایبەت بە خۆمانمان داناوە. لە یاسای عێراقدا ئەوە چەسپاوە و ئێستا کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆیە. سەرۆکی عێراق ئێستا کوردە، ئەمە پۆستێکی سیمبۆلییە و زۆر گرنگیشە، تا بتوانین پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە کوردستانیشەوە بگوێزینەوە بۆ عێراق و وڵاتانی تری دراوسێش.**

- **بۆچی هەر تۆ ڕۆڵی ڕاوێژکارت پێ درا؟**
- **من لە مێژە چالاکێکی بواری مافی ئافرەتانم، هەروەها لێکۆڵینەوە و کتێبم لەم بارەیەوە هەیە. سەرۆک وەزیران کتێب و نووسینەکانی منی خوێندبووەوە و باوەڕی وایە کە من دەتوانم کاریگەریم لەسەر کۆمەڵگەکەمان هەبێت.**

**ئۆتۆبیۆگرافی مەهاباد قەرەداغی**

تەمەن: 39 ساڵ.

باری خێزانی: هاوسەر و کچێک.

جێگەی ژیان: تیرەسوێ.

پاشخان: لە کوردستانی عێراق لە دایک بووە، لە 12 ساڵییەوە دەنووسێت. یەکەمین بەرهەمی لە 14 ساڵی بلاوکردۆتەوە. هەر ئەوسا لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە یەک ساڵ لە زیندان نراوە. تازە بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە وەک کتێبێک. ساڵی 1993 هاتووەتە سوێد، وەک ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن لە میدیای کوردی کاری کردووە. 23 کتێبی بەچاپ گەیشتووە کە بریتین لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان لێکۆڵینەوە لە سەر ژنان و لەسەر کۆمەڵگە.

ئێستا: ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.